هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 93

سالّی/ 2013 – بەرگی نەوەت و سێ

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2013

# پێرست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (25) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2013/5/29 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (26) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/6/3 ل 81

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (27) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/6/4 ل 109

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (28) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/6/5 ل 195

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (29) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/6/10 ل 233

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (30) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/6/12 ل 291

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (31) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/6/17 ل 353

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (32) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/6/18 ل 365

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (33) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/6/19 ل 385

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (34) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/6/25 ل 457

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (35) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2013/6/30 ل 511

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم کاتەتان باش، ئێستاش بەردەوام ئەبین لەسەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، سەر لەبەیانی دانیشتنی یەکەممان ئەنجام دا، ئێستاش دانیشتنی دووەم، داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە حەقە پێش چوونە ناو گفتوگۆکانەوە بۆمان روون بکرێتەوە، چونکە ئەمە بەدەرە لە هەموو عورف و یاسایەك کە تا ئێستا پەرلەمان لەسەری ڕۆیشتووە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووە مامۆستا عومەر

**بەڕێز عمر عبدالرعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وائەزانم نوقتەی نیزامی جدیە ئەوەی عەرزی بەڕێزتانی ئەکەم، بەس تۆزێ نەفەستان درێژ بێ، ئێمە ماوەیەکی زۆرە چەندین پەرلەمانتار دوو، سێجار چەندین پرۆژەمان سەبارەت بەم بابەتەی ئێستا داوە بە سەرۆکایەتی بەرێز، لەبیرتانە بەرێزتان بۆ سازان لەسەر دەستوور (60) پەرلەمانتار واژووی کرد تەقدیمی بەرێزتان کرا، بەڵام نەخرایە دەنگدان و کارنامەوە، من ئێستا پرسیارێکی زۆر قانونی و جدی ئاراستەی بەرێزتان و لیژنەی یاسایی و بەرێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەم، سەرۆکی هەرێم پێش (10)، (15) رۆژ وادەی هەڵبژاردنی لە 9/21 ڕاگەیاندووە، پرسیارێکی یاسایی و زۆر جدیە و پەرلەمان بەرپرسە لە موعالەجەی ئەم حاڵەتە کە ئەمە خەلەلێکی گەورەیە، کەس تەعنی لەم بڕیارەی سەرۆکی هەرێم نەداوە، لەسەر چ ئەساسێك ئەم بڕیارە هەڵئەوەشێندرێتەوە بەم پەلە پەلیە پرۆژە یاسایەك پێشکەش ئەکرێ بۆ ئەوەی لێرە وەکو لە دەقەکە هاتووە پەرلەمان تا 2013/11/1 لەسەر کاری خۆی ئەمێنێ؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووە کاك عەدنان

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت ئەمڕۆش و رۆژەکانی تر هەم لە پرۆسەیەك بووی بەناوی سازانی نیشتیمانی و هەم ئەمڕۆش قسەی زۆر کرا، و دانیشتنی ئەمڕۆش سەرتاپای پەیوەستە بە مەسەلەیەکەوە، یان لەچوار چێوەی قالبێکە کە پێی ئەوترێ سازانی نیشتیمانی، بەرێز سەرۆکی هەرێم نامەیەکی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان

کردووه که راسپاردەی حیزبەکان و تێبینی حیزبەکانە، وەکو ئەرکی سەرۆکایەتی پەرلەمان مەفروز بوو داوای دانیشتنێکی پەرلەمانی بکردابوایە، ئێمە داوای لیژنەمان کرد تەشکیلتان نەکرد، بەلاّم ئایا ئەندامانی پەرلەمان ئەو کەسایەتی و ئەو نوێنەری خەڵکی کوردستانە نین ئاگایان لەوە هەبێ چی باشە بکرێ و ئەو نامانە چی تێدایە و ئەو تێبینیانە چی تێدایە؟ بۆچی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەم ماوەیە ئامادە نەبوو دانیشتنێك بکات؟، چ ئاشکرا یان داخراو لەگەڵ پەرلەمانتارانی کوردستان بۆ عەرزی ئەو نامانە و ئەو راسپاردانەی کە هاتووە، ئەو تێبینیانەی هاتووە بۆ پەرلەمانی کوردستان قسەی لەسەر بکرێ، بۆچی جەنابتان سەردانی هەموو حیزبەکان ئەکەن و ئەولاو ئەولا ئەکەن، بەلاّم لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری خەڵکی کوردستانن دانانیشن تێیان بگەیەنن کە کێشەکان لە چیدایە؟ بێئەوەی بزانین نەتیجەی دانیشتنەکانی جەنابتان لەگەڵ حیزبەکان و لایەنە سیاسیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیش چیە؟ ئێوە لەگەڵ هەموویان دانیشتوون بەس ئامادە نەبوون لەگەڵ پەرلەمان دانیشن، و لە نێو هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەو نامەیە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانە، ئەمڕۆ ئیعلانی فەشەلی هەموو ئەو هەوڵانەت کرد، کە ئیعلانی فەشەلت کرد هاوکات لەگەڵ ئەوە یاسایەکتان هێناوە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە شێوەیەکی نایاسایی پرۆژە یاسایەکتان هێناوەتە ناو پەرلەمان قسە لەسەر سازان ئەکات، لەولاوە جەنابت ئەڵێی سازان فەشەلی هێناوە، کەس ئامادەی سازان نەبووە، لێرەش بە ناوی سازان چ لیژنەی یاسایی و چ ئێوە و چ ئەوانەش کە پرۆژەکەیان ئامادە کردووە قسە لەسەر سازانی نیشتیمانی ئەکەن، ئەمە ئەبێ تێمان بگەیەنن، بۆچی ئامادە نین ئێوە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری ورد و درشتی ئەو کێشەیە بێ کە گرنگترین و حەساس ترین مەوزوعە لە ئێستادا؟ و بۆچی لەدەرەوەی ئەو عورفە پەرلەمانیە و ئەو کارە پەرلەمانیەوە دێن پرۆژەیەکی وا وەکو بەرێزان باسیان کرد ئەیخەنە بەرنامەی کارەوە؟

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەزانین بەرێزان پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ناو پەرلەمان موناقەشەی لەسەر نەکراوە، لیژنەیەك پێك هاتووە بە قانونێك لە 19 کەس، ئەو لیژنەیە پرۆژەی دەستووری ئامادە کردووە، لە پەرلەمان فەقەت بە (ئا) یان (نا) دەنگی بۆ دراوە، لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین پرۆژەی دەستوور بێنینەوە ناو پەرلەمان هەروا بە ئاسانی، بەلاّم ئەگەر پەرلەمان ئگادار نیە ئێمە دووجار لەگەڵ نوێنەری ئێوە، لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان قسەمان کردووە، و تکامان لێکردوون رەزامەندی بفەرموون بۆ ئەوەی لیژنەیەکی موشتەرەك پێکبینین لە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان، لەگەڵ حیزبەکانی دەرەوەی پەرلەمان، لەگەڵ ئەو لیژنەی بۆ نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێم ئامادە بووە، لەگەڵ خەڵکی تریش، بەداخەوە ئێوە رازی نەبوون، و ئێمە هەوڵەکانیشمان ئەیلێینەوە، هەوڵەکانیشمان لەگەڵ حیزبەکان و لیژنەی دەستووریش کە پرۆژەکەی نووسیوە، لەگەڵ هەموو فراکسیۆنەکان هەرچی لە تواناماندا بوو